# چارەسەری زمانەوانی

شارەزای چارەسەری زمانەوانی بۆ ئەو منداڵانەی کە کێشەی قسەکردن، زمان و گفتوگۆیان هەیە پشکنین دەکات و چارەسەریان دەکات. ئامانج لە چارەسەری زمانەوانی ئەوەیە کە گەشەکردنی توانای قسەکردن و زمانەوانی منداڵ بەهێز بکرێت و ڕێگری بکرێت لە کێشەکانی فێربوون. شارەزای چارسەری زمانەوانی دەتوانێت لە کاتی پێویستدا ئەو منداڵە بنێرێت بۆ شوێنی تر بۆ درێژەدان بە پشکنینەکان.

چارەسەری زمانەوانی بەشێکە لە خزمەتی تەندروستی فینلەندا و چەندین منداڵی تەمەن قوتابخانە چارەسەری زمانەوانییان بۆ دەکرێت. چارەسەری زمانەوانی خزمەتێکی بەخۆڕاییە.

منداڵان لە ڕێگای ڕاوژێگای تەندروستیەو منداڵانەوە. دەنێردرێن بۆ چارەسەری زمانەوانی. کاتێکیش دایك و باوکان سەبارەت بە گەشەکردنی قسەکردن و زمانەوانی منداڵەکەیان نیگەرانییان لا دروست بوو دەتوانن خۆیان تەلەفۆن بۆ شارەزای چارەسەری زمانەوانی بکەن.

لە چارەسەری زمانەوانیدا بە چەندین شێوازی یاریکردن، ئاوێنە و ڕاهێنان کۆمەکی گەشەکردنی زمانەوانی منداڵ دەکرێت. بێجگە لەوەش شارەزای چارەسەری زمانەوانی دەتوانێت ڕاهێنانی ماڵەوە بدات بە منداڵەکە کە دایك و باوکی لەگەڵی ئەنجامی دەدەن. چوونە لای شارەزای چارەسەری زمانەوانی نزیکەی ٤٥ خولەك دەخایەنێت. منداڵ یان بەتەنیا یانیش لەگەڵ دایك و باوکی دەتوانێت بچێتە لای شارەزای چارەسەری زمانەوانی. لە کاتی پێویستدا بۆ لای شارەزای چارەسەری زمانەوانی موتەرجیم ئامادە دەکرێت. چەندێتی و ناواخنی سەردانیەکانی لای شارەزای چارەسەری زمانەوانی لەگەڵ دایك و باوکەکەی بەپێی پێویستی منداڵەکە ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت.

بە هاوکاری کردن لەگەڵ شارەزایانی چارەسەری زمانەوانی لە شارەکانی ئێسپۆ، هێلسنکی، یوڤاسکیولا، کاونیاینێن و ڤانتا